# "گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو تەسلیمی پارتیو یەکێتی بوون "

## 14/9/2010

## سازدانی: ئارا ئیبراهیم

**دادوەر لەتیف مستەفا، ئەندامی پەرلەمانی عێراق بۆ هاوڵاتی**

**ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، رەخنە لەکارنامەی فراکسیۆنە کوردییەکان دەگرێتو پێی وایە کە گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو تەسلیمی پارتیو یەکێتی بوون، ئەوەش دەخاتەڕوو کە پارتی لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانو یەکێتی لەسەر سەرۆك کۆمار پێدادەگرێت، ئەوەش بەشتی لاوەکی وەسف دەکات.**

**هاوڵاتی: بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق، نەخشە رێگایەکی یاسایت هەیە؟ ئەو نەخشەیە باس لەچی دەکات؟**

**لەتیف مستەفا :نەخشە رێگاکە باس لەدواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی دەکات، لەچوارچێوەی دەستووردا رێگایەکی تێدایە بۆ پێکهێنانی حکومەت، چونکە شەش مانگە هەڵبژاردن ئەنجامدراوە پێشتر دوو مانگ هەڵبژاردن دواخرابوو ئەوە هەشت مانگ، بەو وەزعەی ئێستا بڕوات چوارمانگی تر حکومەتی عێراقی پێکناهێنرێت ئەوە ساڵێك، لە هیچ عالەمێکدا ئەوە نەبووە، منیش وەکو ئەندامێك کە خەڵك دەنگی پێداوم، بەواجبی شەرعی خۆمم زانی کە نەخشەیەکی دەستووریم هەبێت، دەستووریش ئەو رێگا چارەیەی داناوە، چونکە دەستوورێکی دیموکراتی بۆ عێراق دانراوەو 80% هاوڵاتیانی عێراق دەنگیان پێداوە، لەدوای روخانی سەدامەوە سیاسییەکانی عێراق دەڵێن عێراقی دیموکراتی بنیات دەنێین، بەڵام دیموکراتیەت بە قسە نییە بەکردارە، سەدامیش وای دەوت، نابێت لەبەر بەرژەوەندی کەسێك یان چەند کەسێك دەستوور پێشێلبکەین، چونکە نیەتێکی خراپ هەیە کە نەهێڵرێت حکومەت پێکبهێنرێت، دەستوور دەڵێت سەرۆك کۆمار کوتلەی نوێنەرایەتی زۆرینە هەڵدەبژێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، وەك شارەزایەك لەبواری دەستووردا، لەگەڵ ئەو تەفسیرەی مەحکەمەی فیدراڵیدام کە دەڵێت کوتلەی نیابی ئەو کوتلەیەیە کەلەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا پێکدەهێنرێت، لەپەرلەمانی دونیاشدا هەر وایە، نەخشە رێگاکەش نزیکەی هەفتەیەك دەبێت بە ئیمەیل بۆ کوتلەکانی عێراقم ناردووە، بەڵام تائێستا بێ وەڵامن.**

**هاوڵاتی: با بێینە سەر فراکسیۆنە کوردستانیەکان، دەوترێت تا رادەیەك بێ سەرو بەری بەکارەکانیانەوە دیارە؟**

**لەتیف مستەفا: کوتلە کوردستانییەکان هەڵوێستیان موتەفەریجانەیە، یەکەم کەس من بووم رەخنەم لێگرتوون، بەڕاستی چۆن پارتیو یەکێتی بەهەمان میکانیزم کاریان دەکردو چاوەڕێیان دەکرد کە خاوەن ماڵ نەبنو حکومەت لایەنی تر پێکی بهێنێت، ئێستای فراکسیۆنە کوردیەکانیش بەو شێوەیەیە، یەکێتیو پارتی خۆیان لەدوای روخانی سەدام چوون بەغدادیان دروستکردەوە، چاوەڕێیان دەکرد کە ئەوان رێکبکەونو کوتلەکان پێکبێنەوە بێن خێرێك بەمان بکەن.**

**لەکۆبونەوەی لیستە کوردیەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم باسم لەوەکرد کە پێویستە میکانیزمی کارکردن بگۆڕێتو نابێت چاوەڕێێ بین خێرمان پێ بکەن، ئێمە با موبادەرەمان هەبێت، پێداگرتن لەسەر میکانیزمی پێشوو هەمان دەرئەنجامی رابردوومان دەبێت، چونکە لەرابردوودا چۆن ئێمە نەمانتوانی کار بکەین بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکان، بەتایبەت بۆ گەڕانەوەی ناوچەکانی کوردستانو ئەو شتانەمان دواخست لەپێناو شتی لاوەکی، ئێستا هەمان میکانیزم لەکارکردنماندا هەیە، وەك کوتلەی گۆڕان توانیمان گۆڕانکاری لە کارنامەی فراکسیۆنە کوردیەکاندا بکەین، وامان لێکرد سەرۆکایەتیمان نەهێشت، پارتی کە(31) کورسیو کۆمەڵی ئیسلامی کە (2) کورسی هەیە وەك یەکمان لێکرد، وامان لێکرد دەبێت بڕیارەکان هەموو وەك یەك تێیدا بەشداربین، بەڵام هەست دەکەم ئەو کارنامەیە جێبەجێ ناکرێت، بەداخەوە گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو تەسلیم بەپارتیو یەکێتی بوون.**

**هاوڵاتی: چۆن تەسلیم بوون؟**

**لەتیف مستەفا: بۆ نموونە ئێمە وتوومانە نابێت فراکسیۆنە کوردییەکان سەرۆکی هەبێت، بەڵام) د.رۆژ نوری شاوەیس) کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییە کراوە بەسەرۆکی فراکسیۆنە کوردییەکان، کێ کردی بەسەرۆك؟ مانای ئەوەیە کە پارتیو یەکێتی بووەوە بەمەرکەزو ئێمە بووینەوە بە پاشکۆ، ئێمە وتوومانە نابێت لەوەفدی دانوستکاردا پۆستی هەبێتو سبەینێ پۆستی پێ بدرێت لەعێراقداو واژۆمان کردووە، بەڵام ( د.رۆژ نوری شاوەیسو هۆشیار زێباریو فوئاد مەعسوم) لەوەفدی دانوستکاردان، ئەمە موخالەفەیە، بەڵام نابێت لایەنە کوردییەکانی تر بێدەنگ بن، ئەمانە بەڵگەن تا سبەینێ نەوترێت بەڵگەت چییە.**

**ئێستا لەبەغدا پارتیو یەکێتی خۆیان کردووەتەوە بەمەرکەز، هەمان ئەو میکانیزمانەی رابردوو کاری لەسەر دەکرێتو هەمان دەرئەنجامان پێدەدەن، بەداخەوە گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو دوایان کەوتوون.**

هاوڵاتی: پێتوایە کارکردن بەو میکانیزمەی کە باسی دەکەیت هەلی مێژوویی بۆ کورد لەدەستدەدات؟
لەتیف مستەفا: ئێمە لە حەوت ساڵی رابردوودا هەلی مێژوویمان لەدەستدا بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بگێڕنەوە کە خاکی کوردستانن‌و ئێستا بەناوچەی جێناکۆك ناودەبرێن، کێشەکە وەك خۆی ماوەتەوەو ئێستا لەکلکەکەیایەتی، ئەم چوارساڵەی لەبەردەماندایە یان ئەو ناوچانەمان بەتەواوی لەدەستدەچێت، یان بەنیوە ناچڵی هەندێکیمان دەستدەکەوێتەوە، کارکردنی فراکسیۆنە کوردییەکان بەم میکانیزمی ئێستا وادەکات ئەم چوارساڵە ئەو ناوچانەمان لەدەستبچێت، دوای ئەم چوارساڵە نابێت باسی کەرکوکو ئەو ناوچانەی تر بکەین، دوای ئەم چوارساڵە لیستە کوردییەکان باسی هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی  ماددەی **140** بکەن راستناکەن‌و تەنها وەکو شیعاری سیاسی بەکاریدەهێنن .

هاوڵاتی: بۆچی پێتوایە ئەو ناوچانە لەدوای ئەم چوار ساڵە لەدەستدەچن؟ ئایا مەسەلە لاوەکیەکان پێشخراوە، وەك لەمەسەلە چارەنوس سازەکان؟
لەتیف مستەفا: لەبەرئەوەی لیستە کوردییەکان لە مەوقیفی موتەفەریجدان داوا دەکەن عەلاویو مالیکی رێکبکەون ئنجا ئەمان بچنە سەر خوانەکەیان، کە ئەوان رێکەوتن کوردیان لێ زیادە، مەسەلە لاوەکییەکانیان پێشخراوە، ئێستا داوای بودجەو مەسەلەی پێشمەرگەو گرێبەستی نەوتیو سەرۆك کۆمار دەکەن، پێم وتوون ئێمە ئەگەر زەویمان گێڕایەوە ئەو شتانەمان بەئاسانی دەدەنەوە، یەکێتی تەنها پێدادەگرێت لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمار، پارتی تەنها لەسەر گرێبەستە نەوتییەکان‌و پۆستەکان پێ دادەگرێت، پێموایە دەبێت ئێمە ئەگەر وتیان گرێبەستی نەوتو مەسەلەی پێشمەرگە دوابخەن لەبەرانبەر ئیعترافکردن بە کیلۆمەترێك زیاتر زەوی کوردستان‌و سنوری کوردستاندا با رازی بین.

هاوڵاتی: ئەی ماددەی **140**یش لەکارنامەکەدا هەیە؟
لەتیف مستەفا : **140** هەر وەکو شیعار تیایەتیو بۆ ریزبەندی بەرنامەکەیە، خۆ پێشتریش تێیدابووە، ئەسڵەن لایەنەکان هەر حیسابیشیان بۆ لیستە کوردییەکان نەکردووە، بۆ نموونە پێشنیارم کرد ئەگەر چاوەڕێ بکەین بچینە سەر خوانەکەیان، ئەو کات ئێمە دەبێت (بەرماوە)کەیان بخۆین، باشە ناڵێن بەشێکین لەعێراقو ئێمەش فراکسیۆنێکی عێراقین، بۆ ئەوان  هەر یەکەو لای خۆیەوە هەوڵدەدات حکومەت پێکبهێنێت، بۆ ئێمەش وەك لیستە کوردستانیەکان هەوڵنەدەین لەگەڵ فراکسیۆنی نیشتمانیو دەوڵەتی یاساو عێراقیە حکومەت پێك نەهێنین، ئەو کات ئێمە دەبینە مەرکەزو ئێمە دەچین مفاوەزات لەگەڵ خەڵدا دەکەین، ئیتر ئەو جەبانیەتە بۆ!، تەنانەت تا ئێستا شەرمنییەك هەیە لەشاندی دانوستکاری لیستە کوردییەکان‌و دووبارە یەکێتیو پارتی خۆیان کردووەتەوە بە میحوەر.

هاوڵاتی: کەواتە ئەو کارتانەی کە ئێستا بەکاردەهێنرێن لەکارنامەی وەفدی دانوستکاری لیستە کوردییەکان بەزیانی کورد دەشکێتەوە؟
لەتیف مستەفا: کارتی تەقلیدی سلبی بەکاردەهێنرێت، ئەو کارتانەن کە تا چوار ساڵی تر کەرکوكو ناوچەکانی ترمان هەتا هەتایە لەدەستدەچن، دەبێت گرنگترین شت پێش بخەین، ئەگەر ئەرزی کوردستان وەربگرینەوە لەعەرەبەکان، ئەوان رادەکەن‌و دەستمان ماچ دەکەن تا پۆستی سەرۆك کۆمارو بودجەمان پێبدەن، چونکە نوقتەی زوعفمان لایان نامێنێت، ئەو کات ئامادەین بۆ پڕۆژەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، با زۆرترین زەوی بگێڕینەوە، خەڵکیش هەڵنەخەڵەتێنین، نابێت تەنازول بکەین بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك کۆماریمان پێبدەن، ئەوەندە بەشتێکی موهیمی بزانین‌و تەنازول لەسەر شتە گەورەکان بکەین، جارێك بە مەسعود بارزانیم وت کە سەرۆك کۆمار شتێکی شکلێەو عەرەبەکان مەمنونن دەستیشمان ماچ دەکەن (مام جەلال (ببێتەوە بەسەرۆك کۆمار، چونکە لەپیاوی وەکو تاڵەبانی باشتریان دەست ناکەوێت، بەڵام کاتێك کە دەزانن تۆو مام جەلال داوای دەکەن ئەوەندەی تر لێمان گەورە دەکەن، بۆئەوەی پێمان بڵێن زۆر موهیمەو لەسەر مافە گرنگەکانمان تەنازولاتمان پێ بکەن.

هاوڵاتی: تائێستاش لیستەکەی مالیکیو حەکیم ناکۆکن لەکاتێکدا هاوپەیمانێتییەکی نوێیان پێکهێناوە، قسەت لەسەر ئەو هاوپەیمانێتییە چییە؟
لەتیف مستەفا: هاوپەیمانی نیشتمانی لەو نێوانەدا وەهمیە، بۆ ئەوەی رێگە بگرن لە کوتلەی عێراقیە کە حکومەت پێکنەهێنێت، پێمان باشە ببنە یەك کوتلە، بەڵام من دەڵێم (نوری مالیکی) هۆکارە نە بۆ خۆیان حکومەت پێکدەهێنن‌و نە دەیانەوێت عێراقیەش پێکی بهێنێت، دەیانەوێت بەهەموو شێوەیەك ئەیاد عەللاوی دووربخەنەوە لەپێکهێنانی حکومەت، ئەگەر دووریشی دەخەنەوە با بەشێوەیەکی یاسایی دووری بخەنەوە، چونکە ئەوەی لەپەرلەمانی عێراقدا نیو زائید یەك نەهێنێت ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، ئەگەر عەللاویش هەوڵی پێکهێنانی حکومەتیدا شیعەکان دەتوانن دەنگی پێنەدەن‌و فەشەل بەو حکومەتە بهێنن کە ئەیاد عەللاوی ئەنجامی دەدات.

هاوڵاتی: دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەکراوەیی هێڵراوەتەوە، پێتوانییە ئەمە نادەستووریەو وا دەکات پێکهێنانی حکومەت ئەوەندەی تر دوابکەوێت؟
لەتیف مستەفا: تەبعەن سەرۆکی کوتلەکان کۆبوونەوە، شۆڕش حاجی وەك سەرۆکی کوتلەی گۆڕان بەشداربوو، وتم بڕیاری چیتان داوە وتی (دانیشتەکان بەکراوەیی دەهێڵرێتەوە)، پێم وت ئەمە شتێکە موخالەفەی دەستوورە، بۆیە کە دانیشتین کرا لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، دیاربوو رێکەوتنی لیستەکان هەمووی کرابوو، سوێندمان خوارد، دەستم بەرز کردەوەو وتم نوقتەی نیزامیم هەیە، هەموو عەرەبەکان ئاوڕیان دایەوە، بەڵام فوئاد مەعسوم سەرۆکی کاتی ئەنجومەنی نوێنەران رێگەی پێنەدام قسە بکەم، کە هاتمە دەرەوە یەکەم کەس بووم لەراگەیاندنەکان وتم ئەوە شتێکی نادەستووری‌و نایاساییە، ئەمە وڵات دەخاتە ئەزمەیەکی راستەقینەوە.
پرسیاریان کرد کە بەدیلم چییە؟، وتم ئەو کۆبوونەوانە دەبێتە فشارێك لەسەر سەرکردە عێراقییەکان، بەڵام کە ئێمە گەڕاینەوە هەرکەسەو بۆ پارێزگای خۆی، ئەوان بێمنەت دەبن لێمان، ئێستا (عادل عەبدولمەهدی) دەچێت دەوامی پەرلەمان دەکات، بەڵام بڕوام پێی نییە ئەگەر نا دەچووم، ئەو خۆی وایکرد کە لیستەکەی پەرلەمان بەکراوەیی بهێڵرێتەوە، ئەوەی کە دەیکات تەنها تەمسیلە.

هاوڵاتی: هۆکار چیە سیاسیەکانی عێراق‌و ئەندامانی فراکسیۆنە جیاوازەکان هەر رۆژەی قسەیەك دەکەن؟
لەتیف مستەفا: ئەمە مانای ئەوەیە کە هیچ شتێك لەعەمەلیەی سیاسی بۆ پێکهێنانی حکومەت نەچۆتە پێشەوە، هەمووی قسەی زیادەیە دەکرێت، لە 2010/5/ 30کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کە تەسدیق کراوە، لەو رۆژەوە تائێستا عەمەلیەی سیاسی وەك خۆیەتی، ئەوەی دەوترێت قسەی موزایەدات‌و ئیستهلاکیە.

هاوڵاتی: پێشبینی دەکەیت قەیرانی پێکهێنانی حکومەت تا کەی بخایەنێت؟
لەتیف مستەفا: وەکو دەستوورییەك وەڵامی ئەم پرسیارەت دەدەمەوە نەك وەکو پەرلەمانتارێك، ئێمە لە 2010/7/14لە بۆشایی دەستووریدایین دەبێت لەرووی یاساییەوە هەڵبژاردن بکرێتەوە، ئێستا تۆپەکە لەمەحکەمەی دەستووریدایە، لەلایەکی ترەوە تەحالوفی نیشتمانی ئایا سیراعەکە چۆن یەکلایی دەکەنەوە، ئێستا میکانیزمێکیان داناوە، 55% دەنگەکان ئەوە مورەشەحی سەرۆك وەزیران بێت لەنێوان عادل عەبدولمەهدی‌و نوری مالیکیدا، بۆخۆیان یەکلایی بکەنەوە، ئینجا ئایا لیستی عێراقییە دەستبەرداری ئەو مافەی خۆی دەبێت، ئەوەش هێشتا دوومانگی کەی دەوێت بۆ پێکهێنانی حکومەت.

هاوڵاتی: دەوترێت تاڵەبانی‌و بارزانی بۆچوونیان لەسەر پێکهێنانی حکومەت جیاوازەو هەر یەکەیان لەگەڵ لیستێکی جیاوازن کە حکومەت پێك بهێنێت؟ بەشێوەیەکی گشتی فراکسیۆنە کوردییەکان لە چ فراکسیۆنێکەوە نزیکن؟
لەتیف مستەفا: ئەوە راستی تێدایە، یەکێتی لەمالیکییەوە نزیکەو پارتی لە ئەیاد عەللاوییەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەموو کورد مەیلیان بەلای شیعەکاندایە، بەڵام ئەگەر لەمن دەپرسی با شیعە بێت، بەڵام بەبێ مالیکی، لەبەرئەوەی کەس بگۆڕێت باشە بۆ قازانجی دیموکراسی، دیموکراسیش واتە گۆڕینی سوڵتە، لەسەرەتای دیموکراسیدا سەرۆك وەزیران نەگۆڕێت زۆر خەتر دەبێت‌و دیکتاتۆریەت دەگەڕێتەوە.